# پاشاگەردانیی حیزب و گەلی تراژیک

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

کاتێ سەبارەت بە پێویستیی هەر سەردەمایەک دەدوێین، دەکرێ مەبەستمان دوو شتی زۆر جیاواز بێت. دەکرێ مەبەستی ئێمە فۆرمی گشتی بیچمی ئەندیشەکان بێ. ئەندێشەیەک کە لە سەر گشت بابەتەکانی پێکهێنەری سەردەمایەک کاریگەریی دەبێ و وەها بێڕەنگە کە تەنیا بە وردبینییەکی زۆرەوە دەتوانین هەستی پێبکەین.
بەڵام دەکرێ مەبەستمان ئاکارێکی ژیرانە بێت کە بەشێک لە نووسەران و هونەرمەندان و توێژی هەستیار و وشیاری کۆمەڵگا هەڵیانبژاردووە. ئاکارێک کە دەرخەری بۆچوونێکی زاڵ و رەخنەگرانەیە یان لەبنەڕەتدا هاوچەرخبوون خۆی دەنوێنێ. ئەوان بە هێزی بینین و سەرکەوتوویی تاکیی زۆرەوە دەتوانن لە چۆنییەتی ئەزموونی کۆمەڵگای بەر ئاماژەی ئێمە تێبگەن. هەروەها دەبێ ئاگاشمان لەوەبێ کە ئەو بابەتە واتە ئەندێشە و ئاکار تایبەتیی ئەو سەردەمەیە کە دەتوانین بەم شێوەیە لەو ئەزموونە بدوێین کە نزیکایەتیی قووڵی لەگەڵ ئەندێشەی خەساو و نازانستیبوونی تایبەتیی و بێ ئیرادەیی کورد هەیە و نووسەران و هونەرمەندانی کۆمەڵگای ناوبراویش بەشێکن لەو ئەزموونە بێ ئا کە تا ئێستا گەلی کورد خۆی پێناساندووە.
یەکێک لە مەزنترین عادەتەکانی مێژووی سیاسیی و کولتووریی کورد ئەوە بووە کە لە ماوەی قۆناغەکانی قەیرانی نێو کۆمەڵگا و زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەتوانین چەشنێک هەڵکشان و داکشانی پێکهاتەیی جیابکەینەوە. چەشنێ بەرزی و نزمیی لە نێوان ئایدیالۆژیی زاڵ و کێشەی بەردەوامیی یان سەرهەڵدانی بزووتنەوە زەینی و نالۆژیکییەکان. بۆ نموونە سیاسەتی لە چەشنی کولتووری خێڵ یان تاکی خۆداسەپێنەر، زاڵبوونی عاتیفە، وێنەی کولتووری بێ ئەزموونی یان هەستەکیی، چوونەژێر کاریگەریی سیاسەتی سەردەستەکان یان بوون بە کۆیلەی ئەو سیاسەتانە جا چ کۆیلە کرابێ یان بۆخۆی ئەم کۆیلەبوونەی هەڵبژاردبێ.

## (1)

ئەگەر سیاسەتی کۆمەڵگای بەرئاماژە تەنیا لەسەر دەستی گرووپ و حیزبەکاندا لەئارادابێ، بەرلە هەموو شتێ لەسەر مێتۆدی بکەرانی ئەم سیاسەتە دەکەوێتە بەرچاو. سیستمی گرووپ و رێکخراو و حیزبەکان هەر بەشێوەی کۆن هەڵدەسووڕێن. مەبەست لە سیستمی کۆن ئەو سیستمانەیە کە تێیاندا ژیانی سیاسی بە شێوەی ریزبوونێکی رێکخراو لە پێوەندییە شەخسییەکان لەئارادان. لەم سیستمانەدا ژیان عاتیفییە. زمان لایەنگرانە بەکار دێت و کولتووری نەریتی و خزمخزمێن و سەلەفیی رۆڵی سەرەکیی دەگێڕێ. لەم فەزا نەریتییەی گرووپ و خێڵ و حیزبدا رێککەوتنێکی گشتی ئامادەیە لە چەشنی جادوویی، ئایینی، سیمبوولیکی و وەفاداریی تا ئاستی ملکەچبوون. ئەوە روون و ئاشکرایە کە یەکەم تووخمی سەرەکیی نەریت پێداگرییکردنە لە سەر رابوردوو. جەخت دەکاتەوە لە سەر سەردەمێکی بەسەرچوو. لە نەریتدا بیر لە تاکە زەمانێک دەکرێتەوە. ئەگەر زەمان بە پێی خوێندنەوە نوێیەکان بریتی بێ لە رابوردوو – ئێستا – داهاتوو، ئەوەی بۆ نەریت ناسراوە زەمانی رابوردووە و دوو توخمەکەی دیکەی زەمان واتە ئێستا و داهاتوو هیچ جێگە و پێگەیەکیان نییە. لەم بابەتەدا گەوهەری بەپیرۆزیی و کەوناریی، فۆلکلۆریک، گوندیی، هاوشاریی و رەسەن و لەئەنجامدان وەفاداریی تاکەپێکهێنەرن. ئەوەی کە تابەئێستا لەم نووسینەدا هات باسی دنیایەکە کە لە رابوردوویەکی نەزۆر دوورەوە تا بەهەنووکە لە کۆمەڵگای کورددا حازر بووە. دنیایەک بووە رابوردووخواز، خۆرافەپەرەست، پڕلە وەهم، ساویلکە، زووباوەڕ. دنیایەک بووە کە بەتەواویی لە چاوەڕوانیی سێحر و جادوودا ژیاوە. توخمی نەریت و نەریتپارێزیی و داگەڕان بەرەو نەریت لە لایەن حیزب و سیاسەتی کۆمەڵگاوە مێژوویەکی پاشاگەردانیی بۆخۆی وێنا کردووە و هەمیشە ستایش دەکرێ. هەربۆیە مێژوو لەبەرامبەر خۆیان و خۆشیان لەبەرامبەر مێژوودا دادەنێن. بەم پێیە دەکرێ ئەم پرسیارە ئاراستە بکرێ:
لە ساتەوەختی ئێستادا ئایا ئەم دوانە واتە مێژووی حیزب و مێژووی گەل کە جارێک بۆ هەرکامیان مێژوو لە بەرامبەریاندا رادەوەستێ و جارێکیش ئەوان خۆیان دەخنە بەرامبەری، هاوتەریب و هاوڕێی یەکترین؟

ئاراستەکردنی پرسە هەنووکەییەکانی کورد بە هەموو خەسار و چاوەڕوانییەکانییەوە بەشێوەیەکی هەستکردانە دەبێ لە نێو مێژوودا دابنرێ و بەشێوەیەکی وشیارانە شوناس و شوێن و پێگەی لەمێژوودا دیاری بکرێ هەتا بتوانن ڕووەو داهاتوو، بچنە نێو فۆرمێکی گەشبینانە یان تەنانەت ڕەشبینانەوە. لە هەردوو حاڵەتدا نەتەنیا دەکرێ گۆڕانکاریی لە شێوازی کارکردن و دەربڕیندا ڕووبدات، بەڵکو دەکرێ لە گەوهەر و چۆنییەتی هزری سیاسیشدا بێتەئاراوە. مرۆڤی کۆمەڵگای بەرئاماژە لەنێو هەموو پێکهاتەکانیدا نەیتوانی لە نێو ڕەوتی پێوەندییەکی وشیارانە لەگەڵ مێژووی خۆیدا بژی. ئەگەر ئەم مرۆڤە لەنێو چوارچێوەی باو و نەریتدا هەڵدەسووڕێ، ئەم ڕەوتە تاڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە نێو کەشوهەوای نەگۆڕ و لەویش قورستر مردووییەوە. سیاسەتی سەردەستی بکەری خۆکردییش لەڕووی دروشمەوە پێیوایە بەلێنی داوە بە داهاتوو، بەڵام زۆرجاریش تاوویاوی ئەم گومانە دەیگرێ کە مێژوو چۆن دەتوانێ بەرەو پێشەوە بچێ، ئەویش بەمەرجێ کە ڕەسەنایەتی و گەوهەری خۆی (بە پێی ئەو تێگەیشتنەکەی کەسەبارەت بە ڕەسەنایەتی و ڕاستەقینە لە لای ئامادەیە) لەکیس نەدا. ئەم باوەڕە هەڵگری پێداهەڵگوتنی باو و عادەت و دابونەریت و دەمارگرژی گەلێکە لەلایەن ئەوانەی وا خۆیان بە وەفادار و بەلێندەر بە ڕێبازی نەگۆڕ و ڕاستەقینەی مێژوو دەزانن.
لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ڕێکخراو و گروپ و حیزبەکان بە دیاردەی ئاسایی کۆمەڵگا دابنرێن و بمانەوێ لەڕووی ئەوانەوە سیاسەتی کۆمەڵگای کوردیی تا بەئێستا پێ بخوێنینەوە، ئەم خەسلەتانە دەردەکەون و بە بێ هیچ کلۆجێک حاشایان لێناکرێ: سیاسەتی دۆڕاو، لێکهەڵوەشایی حیزب، نەریتی مانەوەی کەس و تاکی نێو حیزب وەک بڕیاردەرێک بەدرێژایی تەمەنی حیزب، ملکەچبوونی مرۆڤی کورد، داوەشانی کولتووری و کەسایەتیی پەیوەست بەو کولتوورەوە، حاشاکردن لەویتر و ... . ئەم خەسلەتانە لقە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری، مێژوویی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی و هەموو بوارە گشتییەکانی تەنیوەتەوە. واتە هەوڵێکی داوەشاوە و نەزۆک بووە بۆ خۆداسەپاندن و لغاوکردنی هەموو بەشە ئامادەکانی نێو کۆمەڵگا. حاشالێکردن بووە لە تایبەتمەندییەکان و چۆنایەتیی و چوارچێوەی هەنووکە لە ڕێی بەراوردنەکردنی ڕابوردوو لەگەڵ ئێستا. لێرەدا کاتێ لەم سۆنگەیەوە دەڕوانینە لایەنی سیاسیی کۆمەڵگا، تاکە پێوانە و تایبەتمەندیی بۆ دۆزینەوە، گەشەنەکردنی عەقڵانییەتی بەشدارە لە کولتوور و سیاسەت و باقی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا. بەکورتی دەکرێ بڵێین تایبەتمەندییە جیاوازەکان، پاژە پێکهێنەرەکان، پرس و ناکۆکییەکان بە درێژایی مێژوو دەکەونە بەر پەلاماری سیاسەتی بەرەوپاش، هەر بەوجۆرەی کە لە کۆمەڵگای عەشیرەیی و نەریتیدا باو بووە و هەر بەو مێتۆدەی سیستمی نەریتی (خێڵەکی – عەشیرەیی) کە پێکهاتەی حیزبی کوردی هەڵگری هەمان گەوهەرن لەبەرامبەر هەرچەشنە گۆڕاندا خۆڕاگریی دەکا. بەردەوامیی باڵادەستیی و پاشاگەردانیی لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەموو حیزبەکانی حازرن، بەڵام لەو ڕاستییەش خۆیان خافڵ دەکەن کە مەیلی پێشکەوتن و زیندووبوونیان لەکیس داوە.
ئارمانج و بایەخە مرۆڤییەکان لە لای ئەوان چوارچێوەی پێگەیشتن و دابینکردنی ژیانی دوارۆژیان وەلاناوە و ڕۆیشتوون. حیزب ئەمێستاکە زیاتر لەجاران وەک باڵادەستبوونی سەڵتی تاکەهێز لە خەیاڵی خۆیدا خۆی دەستنیشان دەکا. دەتوانرێ بکوترێ کە مزگێنی ئەو بۆ نەتەوەی بندەست کە ئازادیی بێ بەشێوەی تەواو فۆرمی بانگەشەی وەدیهێنانی دەکا. بەمجۆرە حیزبی سیاسی خاوەنی توخمی پێکهێنەر و پاڵپشتی سەلەفییەت و فۆڕمی نەگۆڕ و بەرەوپاشی خۆیەتی. دەتوانرێ بە بزووتنەوەیەک دابنرێ کە دەیەوێ سنووری شووناسی خۆی لە بەرامبەر هەڕەشەی هزری ڕەخنەگر و مێژوویەکدا بپارێزێ کە لە گشت سۆنگەکانەوە مانەوەیان دەخاتە بەر مەترسیی جیدییەوە. بە هەموو شێوەیەک لەهەوڵدایە خۆی لە بیر و ئەندیشەی نوێ، پۆلۆرالیزم چ بگا بە پلۆرالیزمی نوێ، ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی ڕێکخراوەیی و سیاسی و ئابووری و کولتووری و ئایدیالۆژیکی بپارێزێ و ئەگەر بۆشی بکرێ هێرشیان بکاتەسەر و لەئەنجامدا بیانسڕێتەوە.
ئەوەی ئاشکرایە حیزبی سیاسی و سیاسەتی نێو کۆمەڵگای کوردیی، هەم لە دیدی شیوە و هەم لە جۆری پێشکەشکردن و هەم لە دیدی ڕوانگە و بیروبۆچوون و شێوەی تێگەیشتن و باوەڕی خودەوە چەشنێ دووگمیی شیاوی خۆیان هەڵبژاردووە. ئەم هەڵبژاردنی دوگمییە حیزب بە خەسلەتێک دەگەیەنێ کە هەڵگری جەمسەرێک و ڕێڕەوێکی تاک ئاراستەیە. بە واتایەکی دی، ئەقڵانییەتی ڕادیکاڵ لەچەشنی تاک دەنگیی و تاکڕەهەندیی هەمیشە لە بارمتەی پڕۆژەی سەرکوتگەری دەسەڵاتە باندەستەکاندا بووە و بەدژی زەمینەی سەرهەڵدانی حیزب واتە کۆمەڵگا کەڵکی لێوەرگیراوە و بێبەزییانە ڕاستەقینەکان بە مێژووی داسەپاوی چینایەتی، نەبوونی خزمەتگوزاری و شتی لەم بابەتە بەرتەسک دەکاتەوە. حیزبی تاسەر ئێسقان کاڵفامیش دژ بە وشیاربوونەوەی کۆمەڵگا لە بەرامبەر داردەستیی دەسەڵاتی سەردەست کە ئەقڵانیییەتی دوگمی حیزبە بە تاوانبارکردنی ئەندیشەی نوێ و کارکردی نوێ، بە لاساییکردنەوە و ڕوونوسکردنەوەی خواست دێت لە مێتۆدی حاشا و بزرکردن و ئەوە کەڵک وەردەگرێ کە هێزی چەنددەنگیی ناتوانێ ڕووبەڕووی تاک سەنتەریی بێتەوە کە بۆخۆیان ڕەچاوی

دەکەن. ئەم خەسلەتەی حیزب هەڵگری سڕینەوەی سوبژەکانی دیکەیە بەچەشنێ کە هەوڵ دەدەن هەرچەشنە کردەوەیەکی سیاسی لاواز و لەئاکامدا نەزۆکی بکەن. بە تەواوی لەگەڵ ئە قڵانییەتی نوێ دژایەتیی دەکەن. لەبەر ئەوەی لەسەر دەستی ئەو کە خۆی بە نوێنەری گەل دەزانێ، بەهۆی خەسلەتییەوە بابەتی کۆنی دیاری سەر عەرزی ئاراستە دەکا. تەنیا ئەو بابەتانە دەبینێ کە پێی خۆشە یان هیوادارە بیانبینێ. ئەمجۆرە تێڕوانینە مۆتەکەئاسا باڵی بەسەر هەموو تاکێکدا کێشاوە. ئەمە رووتێکردنێکی زاڵە بەسەر کۆمەڵگادا هەتا راستەقینەکانی لێبشارێتەوە یان بزری بکا. کاتێ راستەقینە لەلایەن بکەری نەرێ یان گێلی سیاسییەوە بزر دەبێ حاڵەتی هێرشبەر بەخۆیەوە دەگرێ و بەم شیوەیە پێش بە ئاراستەکرانی راستەقینە دەگرێ. روانگەی ئەم بکەرە نەرێ یان گێلە کە بەمەبەست راستەقینە بزر دەکا، بۆ تێکشکانی کەسایەتییە کە دەرەنجامەکەی دابەزاندنی ئاستی مرۆڤە هەتا ریزێک لە لەتوپەتیی ئیرادە. مرۆڤ بەمجۆرە وای لێبەسەردێ کە لەم چەشنە سیاسەتە دوورەپەرێز دەبێ، نەک ئەوەی لێی تێنەگات. بەمشێوەیە مرۆڤ لەبەرامبەر ئەم چەشنە دلڕەقییەی سیاسەتی ئەتکبووی رێکخراوەیی ناهومێدانە دەچێتەوە ناوخۆی هەتا لە بارودۆخی پەرێشانی خۆیدا ئەفسوونێکی مەستانە ئەنجام بدا. بەڵام بەپێچەوانەوە لێرەدا درێژەی ئەم رەوتە داوەشاوە ترسێکی نوێی لەگەڵە. ئەگەر تێگەییشتن لە بەرامبەر راستەقینەدا نییە هەوڵی بزرکردنیشی دەدرێ. کۆمەڵگاش بۆ تێگەییشتن لە راستەقینە هیچ هەوڵێک نادا. ئاوا، زەینییەتی تاک و بە گشتی کۆمەڵگای کورد کە لە دنیادا تەریک کەوتۆتەوە و خۆی تەنیا دەبینێ و خۆشی تەنیا نیشان داوە، رەوشتێکی سامناک و نامۆی دەبێ. لە دنیای راستەقینەی عەینیدا بە جیاکردنەوەی زەمان دنیای ناخیی تاک و کۆمەڵگا دەبێتە رەوتێکی نگریس و سەربەمۆر و رەوشێکی نەگۆڕ بە خۆیەوە دەگرێ و ئەم رووتێکردنە بەرەو رووخان دەچێ. بەجۆرێ کە مرۆڤی بەرئاماژە لە جیهانی خۆی و دەرەوەی خۆی دادەبڕێ. دنیای هەڵسووڕانی سیاسەتیشی لێ تەنگتر دەبێتەوە. ئەم خەسارە کە لەسەردەستی نەگۆڕبوونی ئەقڵانییەتی سیاسی لەئارادایە لەگەڵ بزربوونی زەیینییەت ئاوێتە دەبێ و بە بێ هیچ کۆسپ و دژایەتییەک دەبێتە حاکم. شوناسی ئەم کۆمەڵگا ملکەچە بەجۆرێکە کە ژیانی مرۆڤەکانی نەک بەو شێوەیەی کە بەڕاستی روویداوە و دەبێ روویدا، بەڵکوو بە چەشنێکە کە دێتەوە بیری کەسێک. لێرەدا ئەزموونی راستەقینە ئیدی گرینگ نییە بەڵکو، تانوپۆی بیرەوەری و وەهمەکان گرینگن. ئەم رەوتە مرۆڤ بەرەو ئاقارێک دەبا کە هێزی بەناوەندکردنی خۆی وەکو کۆیەک بەنێوی کۆمەڵگا لەکیس دەدا و ناتوانێ ئەندێشەی خۆی رێکوپێک بکا. لەئاکامدا ئەم کۆمەڵگایە کە وەک ناسێنەرێکی بێهێزە، لەبەرامبەر هەموو شتێکیشدا بێهەلوێست دەبێ. تەنیا سەرشێتییەکەیەتی کە ئەم بارودۆخە دەگۆڕێ. سەرشێتییەک کە چەشنێک نارەزایەتیی هیستریاییە لەبەرامبەر بارودۆخ و چارەنووسی خۆیدا.

**(2)**

ماوەیەکە لێرە و لەوێ، بابەتی دیالۆگ و کاری هاوبەش لە لایەن گەلەوە نەک وەک پڕۆژە بەڵکو تەنیا وەک هەستپێکردن بۆتە گونجاوترین چارەسەر بۆ دەربازبوون لەم بشێوی و نەزۆکبوونەی سیاسەتی کۆمەڵگای کوردیی. هێندێک حیزبیش پاڵیان بەم بابەتەوە داوە و بانگەشەی بۆ دەکەن کە لێرەدا وتارەکە ناخوازێ لە تەوەری سەرەکیی خۆی لادا و شرۆڤەی ئەم بانگەشەیە بکا و لەسەر ئەوە بدوێ کە ئایا هەڵگری ئەم واتایە بەو بلووغە سیاسییە گەییشتووە کە بتوانێ باوەڕ بەم داخوازییە بێنێ و لەپێناو بەرژەوەندیی گەلدا هەوڵ بۆ بەکردەوەکردنی بدا یان بۆ بەرژەوەندیی حیزبی ئەم کارە دەکا و تەنیا بۆ رەوابوون و بەدەستهێنانی متمانە کەڵکی لێوەردەگرێ و پێیوایە قبووڵی کردووە. یان بەگشتی ئایا کاری هاوبەش دەکرێ وەڵامی داخوازییەکان بداتەوە؟ دەکرێ هۆی نزیکبوونەوە بێ بۆ ئاراستەی دیاریکراو و گەیشتن بە ئامانج؟

هەستکردن بە پێویستیی دیالۆگ و کاری هاوبەشی بەکردەوە ئەگەرچی لەسەر بنەمای مێژووی نەزۆردووری شەڕە ناوخۆییەکان و هەڵوەشانەوەی رێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییدا دارێژراوە، بەڵام تابەئێستا لە ئاستی زەینی و هیوا و ئارەزوودا ماوەتەوە. واتە ئەم چەشنە سیاسەتە ئامادەیە، بەتەواویی لەژێر دەسەڵاتی زەینخوازیدایە و لەبەرامبەر هەلومەرجی مرۆڤی نێو کۆمەڵگای کوردیدا وەک سێحر و جادوویەکی رزگاریدەر چاوی لیدەکرێ. لەم گۆڕەپانە بەرتەسکەدا کەسایەتیی و بکەرەکان خۆڕاگر و سیستماتیک نین و لە حاڵەتی نەخۆشانەدان و لەئاکامدا دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی کورد بە گشتی بێبەرییە لە ئەقڵانییەتی سەقامگیری بەکردەوە و داهاتووبین. ژیانی سیاسی کورد تا بەهەنووکە تەنیا لەسەرخان بووە. لەبەر ئەوەی دژایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی بە سادە دەبینێ. بەهیچ شێوەیەک گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتمەندیی بەرچاوی یەک لەوان کۆمەڵگای کوردین

بەشێوەی راستەقینە هەستی پێنەکراوە و مرۆڤی کۆمەڵگاش بۆ بەرژەوەندیی سیاسەتی خۆیان بەخت دەکا. رەنگبێ یەکێک لەو هۆ سەرەکیانەی کە ئێستا کۆمەڵگای کوردی بەو پێویستییە گەیاندووە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پاش دۆڕاندن و شەقارشەقاربوونی حیزبی – سیاسی، لەلایەن کۆمەڵگاوە ستایشکردنی تاکدەنگیی سیاسیی لە هەمووشوێنکەوە کەوتۆتە بەر گوشاری رەخنە و هەڕەشەوە. بەپێی ئەم باوەڕە دیالۆگ و کاری هاوبەش تەنیا ئاماژە ناکا بە دۆڕان و شکستی سیاسی – حیزبی، بەڵکو شکستی مێژوویی ئەم گەلەش دەردەخا. دەکری ئەم پێویستییە بە رووداو دابنێین کە پێشتر ئەم کۆمەڵگایە هەستی پێ نەکردووە یان پێی نەگەیشتووە. واتە نیشاندانی پێویستیی ساتی حازرە. گشتگیربوونی کورتەی ئەو هەوڵانەیە کە لە کارەساتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا رەنگی داوەتەوە.

"دەبێ هەر بچینە قۆناغی دیالۆگ و بەکردەوەکردنی". ئەم واتایە سەرنجمان بۆ کەشوهەوایەک رادەکێشێ کە بە سەر گشت کۆمەڵگادا زاڵ بووە. بەڵام دەکرێ بە شێوازی جۆراوجۆر راڤە بکرێ. ئەمە هەروەک کوترا وەبیرهێنەرەوەی ئامادەبوونی ئەقڵییەتی پاوانکردنی تاکدەنگیی و قبووڵ نەکردنی ئەویکەیە. ئەم وتەیە دۆزینەوەی تیۆرییە. ئەمە وانییە کە بە تەواوی لە نەریت و پێشینەی سیاسەتی نێو کۆمەڵگا داببڕێ. واتە هیچ شتێکی نامۆ یان نوێ نییە. ئەم دەستبردنە لە بنەڕەتدا گێڕانەوەیەکی تایبەتیی یان لانیکەم کورتە لە دیاردەیەکی سەرلێشێواو و زاڵ و بکوژ. بۆ حیزبیش ئەگەر جاروبارە خۆی بەم باسەوە خەریک کردبێ، بابەتێکی بەدەڵە لە خۆنیشاندان و بەرەوپێشچوون و لەراستیدا نکۆڵیکردنە لەو فکرەی کە بۆتە خەسێنەری گشت وزە و کارکردنەکان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و گەیاندنی بۆ ئاستی مرۆڤی.
ئەوەی کە تابەئێستا سیاسەتی سەردەستی حیزبەکان هێناویەتە ئاراوە ئەوەبووە کە رووبەڕووبوونەوە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی بەرفرەدا واتە لە زەمینەیەکی لەبار و هاوبەش و چەند دەنگیدا ئەویش لە رێی باس و گفتوگۆی سەبارەت بە دووبارەنەبوونەوەی پێکدادان و پێکهەڵپڕژانەکانی رابوردوو خۆیان نیشان دەدەن و کاری هاوبەش و دوورکەوتنەوە لە مەبەستی حیزبی، لەپێناوی گەلدا ئامرازێکە نەک مەبەستی سەرەکیی. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە لەنێو کەشوهەوای ئێستای حیزبی کوردیدا هاوچارەنووسی و هاوبەشی کارکردن هێزێک نییە کە بۆجارێکیش بێت پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی کۆمەڵگای بەرئاماژە بخوێنێتەوە ئاراستەی رووەو پێشی بۆ دیاری بکا، بەڵکو لە یارییە سیاسییەکاندا ئەم بانگەوازی هاوبەشی کارکردنە دەبێتە گۆڕەپانێک کە تێیدا لایەنە بەرژەوەندخوازییەکانی ژیانی دەسەڵاتدارانی نێو حیزب و لایەنە ئایدیالۆژیکییەکانی ژیانی حیزب هەڵدەکشێتە سەرخان هەتا بە دەمامکێک لەبەرامبەر خواستی گەلدا داپۆشرێن. شوێنێک کە تێیدا دیالیکتیکی واتای دیالۆگ و پاشان کاری هاوبەش لە کۆدەکانی ئاخافتن و بەشداری و کارکردن زەبری لێدەکەوێ. لێرەدا دیالۆگ و کاری هاوبەش شۆڕش بە دژی بێدەنگی و پەرتەوازەیی و سەرلێشێوای و تاکدەنگیی نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا یاریی و تێکهەڵچونی رواڵەتیی شۆڕشە لە گۆڕەپانی نواندنی ژیانی شەخسی – حیزبی و پێوەندیی نەریتی – کۆمەلایەتیی و بابەتی رۆژانەی ئامرازەکانی رەتکردنەوەیە. ئەم پرسە هەر لە خۆیەوە نابێتە هەنگاوی جیدی و بەکردەوە بۆ لێکنزیکبوونەوە و پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتی سەردەست و گەیاندنی بندەستیی بە هاوئاستی، بەڵکو کاریگەرییەکانن کە ئەو ئامانجە بەئاکام دەگەیەنن یان سڕی دەکەن.

لە رەوتی هەست بە پێویستبوون و گەشە و دواتر کامڵبوونی دیالۆگدا و پاشان گەیشتن بە کاری هاوبەشی سیاسی، دوو تایبەتمەندیی رێکخراوەیی و ئۆرگانیکی بەرچاو دەکەوێ کە بە پێی پۆلینبەندیی و کۆبەندیی دامەزراوەییەوە گرینگی بەرچاو و شوێن و پێگەی روونیان هەیە. ئەم دوو تایبەتمەندییە لە دیدی سیستم و گرینگیی دەوری مێژوویی خۆیانەوە بریتین لە:

**سیستمی رێکخراوەیی و حیزبیی.**
**شیوازی کار و چالاکی.**
ئەم دوو پرسە لە وێنە دیارەکانی رەوتی گەشە یان قەیرانی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووریدا رەگیان داکوتاوە. هۆی سەرەکیی کە ئەم دوو پرسە ناتوانن پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان بەیەکەوە هەبێ و خۆیان لە گشتگیربووندا وەکو سیستم بدۆزنەوە، پێش هەموو شتێ لە غیابی بەرفراوانی دەسەڵات و توانایییەکدایە کە دروستیان کردووە. لە دیدی پاراستنی سەربەخۆیی لە گۆڕەپانی بەدەر لەرەوتی لایەنگرییەکانی گەشەی هێزە باڵادەست و داگیرکارەکاندا هیچ کام لە باقی نیشانە نەریتییە کۆمەڵایەتییەکان یان وێنە و فۆرماسیۆنەکانی ئابووری و کولتووری و سیاسی کۆمەڵگا نەیانتوانیوە لەهەمبەر ئەم دەسەڵات و هێزە

داگیرکارانەدا راوەستن. بەمجۆرە بە سەرنجدان بە دەوری گرینگ و سەرەکیی ناجێگیربوونی ئەم دوو پرسە لە لاوازکردنی سیاسیەتی حیزبی وەک ئامراز نەک ئارمانج و لەئەنجامدا لاوازبوون و بەرتەسکبوونەوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگا، دەکرێ بڵێین پرۆژەی سیاسەتی کۆمەڵگای کوردی و گەلاڵەی ئاشکرای ئەوان واتە حیزب تەواو دەکەوێتە بەر گومانەوە و متمانەی پێناکرێ. تا بە ئێستا حیزبی کوردی چ لە رووی ستراتیژیی رووبەڕووبونەوە لەگەڵ داگیرکاراندا و چ لە رووی ستراتیژیی رووبە کۆمەڵگای بەردەنگی خۆیان و چ لە رووی پەیڕەو و پرۆگرامی نێو حیزبی نەیتوانیوە خۆساغکردنەوەیەکی سیستماتیکی هەبێ. لێرەدا سەرەکیترین خاڵێکی کە دەکرێ دەربڕی راستی یان ناراستیی ئەم بابەتە بێ، سەرنجدانە بە دەستکەوتەکان. بە واتایەکی دیکە سەرنجدان و جەختکردنە لەسەر چارەنووس و ئاکامەکانی تێکۆشان و هەروەها چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای بەردەنگ لەم چەشنە سیاسەتە. لە زۆربەی ئەو هەڵسەنگاندن و پێویستیانەی کە تا ئیستا (ئەگەرچی نازانستی) پێداگریی لەسەر کراوە، ساغبوونەوەی سیاسەتی کوردییە لە سەر ستراتیژیەکی کۆدەنگ و روون بۆ ئامانجی هاوبەش کە لە هەمانکاتی رووی لە دەسەڵاتە داگیرکارەکانە، دەبێ روویەکی راستگۆیانەشی لە کۆمەڵگای بەردەنگی خۆی بێت.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندییانە و هەروەها وەرچەرخانی بەپەلە و نائاقڵانە لە ستراتیژی و باوەڕ بە پێی گۆڕانکاریی خێرای ناوچەکە، کەلەبەر دەکەوێتە نێو کۆی سیاسەتی رێکخراوەیی و تەنانەت بکەرەکانی نێو رێکخراوەکەش دەگرێتەوە. ئیدی ئەم ئەقڵانییەتە سەقەتە ناتوانێ ئاکامی تەنانەت نزیکی خۆشی پێشبینی بکا. ئەم چەشنە سیاسەتە چاولەدەستە، نەتەنیا خۆی خەریک نەکردووە بە لابردنی کێشەکان و خوێندنەوە و دۆزینەوەی چارەسەری بۆ نەخۆشییەکانی کۆمەڵگا بەڵکو گێلیش بووە لە هەمبەر خەسار و ئاریشەکانی نێو رێکخراوەکەشی. ئەم حاڵەتە رای گشتی و بەو قەناعەتە گەیاندووە کە ئیتر متمانە ناکا و بۆتە هۆی گەرەنتی کردنی رەوتی چەقبەستنی شک و گومان. لەبەرامبەردا نەریتی سیاسەتی کۆمەڵگا مەزنسالارانە بەردەنگەکانی خۆی بە دوو گروپ دابەش دەکا: ئەوانەی لێی تێدەگەن و فێری فەرمانی لەپێشدا داڕێژراو و باڕستاکەی بوون و لەگەڵی ئاشنان، ئەوانەی دوژمنکارن. لەم روانگەیەوە ئەو عادەتە سەرەکیانە لە نێو دیمەنێک لە سیاسەتدا وەکو کایە یان فرتوفێڵێکی بەچێژ خۆدەردەخەن. چەشنێک پشتکردنە لە سەردەم و پێویستییەکانی گەل. لە راستیدا هەنگاونانە بەرەو نەفرەت لە خۆ. چۆنییەتیەکە لە چڕکردنەوەی خود یان باوەڕ بەوەی کە تێگەیشتنی هەنووکە بەرهەمێکی نییە چ بگا بەوەی کە خۆی بێت و وەکو پێویستیی خۆی نیشان بدا. ئەم بۆچوونە نەتەنیا بە سانایی بۆتە پێشەنگ بەڵکو لە بەرامبەر ئاستی گشتی و داخوازییەکانی زەمان و مێژوودا چەشنێک پەشیمانی یان دەستداگرتنە بەسەر هێزە ئەندێشەییەکانی ئەمێستا.

لە کۆتاییدا، هاوئاراستەبوون بۆ ستراتیژیی دیاریکراو هەر لەخۆوە پێکنایەت بەڵکو، دەبێ هەستکردانە بێت. بەڵام بەسەرنجدان بە دارمانی دنیای کۆمەڵگای کورد کە ئەنجامەکەشی تێکڕوخانی کەسایەتییە، ئەم دەرەنجامانەی سیاسەتی کۆمەڵگا لە کۆمێدیای مەبەستێکی ئایدیالۆژیک دەچێ. بەمجۆرە ژێدەری هەستی دڵەراوکێی ئەم ئەزموونە بنەڕەتییەی سیاسەتی حازر و ئەم هاویشترانە نێو سیاسەتی ناوچەییدا لە کۆمەڵگایەکی دەستەوەستان دایە و کاریگەرییەکانی بەشێوەی تێکڕووخانی دەروونیی مرۆڤە و لەئەنجامدا بێهەلوێستی و داوەشاوەیی دەردەکەوێ....

................................................................

ismayl_zade@yahoo.com